# ڕونکردنەوەیەک سەبارەت بە وازهێنانی چەند ئەندامێک لە کۆمیتەی سلیمانی، ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید/چاک

لەبەرواری ٢٨.١٢.٢٠١٠ لە هەندێک ماڵپەڕدا نامەیەک بۆڕای گشتی بەناوی چەند بەڕێزێک لە کۆمیتەی سلیمانی و بەرپرسی چەمچەماڵ بڵاوکراوەتەوە کە پڕە لەتۆمەت و بەشی زۆری تۆمەتەکان لای ئێمە نوێ نین ماوە ماوە ئاراستەمان کراون بەڵام بەتێپەڕینی ڕۆژگار بەکارو چالاکیەکانمان هەموو ئەو کەسانەمان شەرمەزار کردوە . ەبەداخەوە ئەمە بۆتە کەلتورێک دوای دانیشتن یان جیابونەوە ئەندامی حزب و ڕێکخراو ڕۆژنامە... ( ناشەفافی مادە ، پیاوی دەسەڵات ، نەبونی دیموکراسیەت ..) سێ تۆمەتی ئامادەکراوی بەیانامەکەیە

لە نامەی ئەو بەڕیزانەدا بەچەند خاڵێک هۆکارەکانی دەست لەکارکێشانەوەیان خستۆتە ڕوو بۆ ئەوەی خوێنەر بەهەڵە لەو تۆمەتانە تێ نەگات بەپێویستی دەزانین وەڵامیکیان بدەینەوە

*لە خالی یەکەمدا باس لە نەبوونی دسپلین دەکەن، لەوەڵامدا دەڵێین بەراست ئێمە لەدیسپلین لاماندواە یا ئێوە؟ ئایا دیسپلینی ڕیکخراوەیی ئەوە نیە کە لەکاتی بوونی ناڕەزایی و کێشەو سکاڵادا پەنا بۆ پەیڕەوی ناوخۆ بەرین کە لەوێدا پێماندەڵێت دەبێت بەفەرمی لیژنەی لێکۆڵێنەوە بەدواچوون ، یا دەستەی کارگێری گشتی ئاگادار بکرێتەوە ، ئایا لەم تەمەنەی کەباس لەو کێشانە دەکەن بۆ جارێکیش ئەوکارە تان کردوە ؟

*سەبارەت بە کۆنفرانسی [٢] ی نووسینگەی باشوور،ڕاستە هەموو بەکۆستەر هاتن تەنانەت ئەندامانی سلیمانیش ،ئەی خۆ چاوەڕێی ئەوە ناکەن ئەندامان لە هەولێرو کەرکوک و گەرمیانەوە بۆ هەڵەبجە بە پێی بێن .

لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس تا ئێستاش ژمارەی ئەو ئەندامانەی لایە کە لەهەر کۆمیتەیەکەوە بەشدار بونە .لە هەموو کۆنفرانسێکیش هەروابووە کە بەپێی ژمارەی ئەندامانی هەر کۆمیتەیەک نوێنەر دیاری دەکرێت. گەر لە هەر کۆمیتەیەک چەند ئەندامێکیان ئامادەبووبێت ئەوە خۆ کۆمیتەی چەمچەماڵ و سلیمانی هەموویان ئامادەبوون و کەسیش قسەی نەکرد .

سەبارەت بەکوتلە و کوتلەکاری ، ئەمە ئەگەر هەموو کەس باسی بکردایە ،نەدەبوایە ئەو بەڕیزانە باسی بکەن جونکە لەناوکۆنفرانس لەم بارەوە بەتوندی ڕەخنەیان ئاراستەکرا !؟

*سەبارەت بە دەرنەچونی هیچ ئەندمێک لە کۆمیتەی سلیمانی، کەسێک ئاگای لە رەوشی ناو کۆنفرانسەکە نەبێت وای بۆدەچێت کە گەلەکۆمە لە کۆمیتەی سلیمانی کراوە. ئێمە هەر ئەوەندە دەڵێین ویژدانیان بکەنە حەکەم چەندە داوا لەبەشیک لەو بەڕیزانە کرا خۆیان هەلبژێرن بەلام بەپاساوی جیا خۆیان لێ دورە پەرێز گرت . وەبەڕیزێکی تر لەسلێمانی خۆی هەلبژارد دەرنەچوو ، ئیتر ئێمە خۆ ناتوانین لەدەرەوەی شەرعیەتی

کۆنگرە شت بسەپێنین . سەرباری هەموو ئەمانەش بەپێی پەیرەو پرۆگرام بەرپرسی کۆمیتەی هەمو شارو وڵاتێک دەبتە ئەندامی دەستەی کارگێر

*لە خاڵێکی ترا ئەو بەرێزانە نووسیویانە[ماوەیەکە بەئاشکراو بەنهێنی دەستی حیزبەکانی باشووری کوردستان زۆر بەزەقی لە پەیوەندیەکانی ئەم ڕێکخراوەدا بەدی دەکرێت. هاوکات نوسیویانە * کە گوایە هەزارەها دۆلارمان لە حکومەت و حیزبەکانی نێو دەسەڵات وەرگرتووە .

بەشێک لەو بەڕیزانە سەرنوسەری ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنوسن ، خۆزیا کۆنکریت و بەبەڵگەوە قسەیان بکردایە نەوەک ئاوا بە گشتگیری تۆمەت هەڵڕێژن ؟

.ڕاستە ئێمە لە ٢٥ .٢٠١٠/١٠ ١٠٠٠٠دۆلارمان . مەنحەی سەرۆک وەزیران دکتۆر بەرهەم سالح وەرگرتوە لە بودجەی ڕێکخراوە جەماوەریەکان . شەرمیش لە کەس ناکەین و نایشارینەوە و مافی خۆشمانە وەک ڕێکخراوێکی چالاکی کوردی بەشی خۆمان لەو بودجەیە هەبێت کە بۆ ڕێکخراوە جەماوەریەکان تەرخان کراوە ،ئەوە مەنحەیەکی کاتی بوو بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی ڕۆژانەمان تا کۆتایی ساڵ و دەرجونی بودجەی تایبەتیمان وە . چەندین پرۆژەمان پێشکەش کردووەو بە فەرمیش داواشمان کردووە وەک هەر رێکخراوێکی کوردی تر بۆ ساڵی ئایندە بە پێی پڕۆژە و چالاکیەکانمان مەنحەمان بۆ دیاری بکرێت و هەوڵێشی بۆدەدەین .زۆریش لامان سەیرە کاک سەربەست نەریمان خۆی یەکێک بوو لەو وەفدەی کە لە بەهاردا بەشدار بوە لە دیداری سەرۆکی حکومەت ئاگاداری ئاخافتنەکانی نێوانمان بووە ، ئەگەر هەستی بە دەستەمۆبوونی رێکخراوەکەمان کردبێت ، بۆ یەکسەر هەڵویستی وەر نەگرت ،چۆن بوو تا ئێستا لێ ی بێدەنگ بوو ؟

*سەبارەت بە بەو برگەیەی کە دەڵێت پارە لە حیزبەکانی باڵادەست وەرگیراوەوەناشزانرێت لەچی خەرج کراوە ؟ . گەر برێک جورئەتیان بوایە ناوی ئەو حیزبانەیان دەهێنا ، کە چۆن و کەی و پارەمان لێ وەرگرتوون؟ ئەو تۆمەتە زۆر بەبێویژدانی دەزانین بۆیە ناچارین پەنا بۆ دادگا بەرین ،وەگەرەکە لەبەردەم دادگادا ئەو تۆمەتە بسەلمێنن وخۆیان تەحەمولی ئەو ئاخافتنەیان بکەن ،چونکە بەخشینەوەی تۆمەت ئاسانە بەڵام سەلماندنی جورئەت و بەڵگەی دەوێت .

ئێمە بەو بەریزانەو هەرکەسێکی تریش کە گومانی لە پەیوەندیەکانی ئێمە هەیە، با چاوێک بە بەیاننامەو چالاکیەکانماندا بخشێنێت بزانێت لە کوێدا ئێمە سازشمان بۆ دەسەلات و حزب و بەرپرسێک کردووە !؟ .

هەر ئەو ڕۆژەی پارەمان وەرگرت لە بەردەمی پەرلەماندا یەکەم خۆپیشاندانمان پێی ڕێکخست سەبارەت بە داڵدەدانی چاش و موستەشارە تاوانبارەکان لەلایەن یەکیەتی و پارتیەوە . لەو کاتەوە تائێستاش بەردەوامین لە ریکخستنی کەمپین و خۆپیشاندان لێرەو لە ئەوروپا .

ئەوان بەهەڵەداچوون لە پێناسەکردنن‌ماندا ،ئێمە نە حیزبی سیاسین و نە ئۆپۆزسیۆن .بواری کاری ڕێکخراوەیی جەماوەری ئێمە لە بەرنامەکەماندا بە ڕوونی نووسراوە .

*سەبارەت بە چارەنووسی ئەو پارەیە کە وەرگیراوە ، ٥٥ ورەقەی واتە لە نیوە زیاتری بە ئێمە دراوە و لە

ڕاپۆرتی دارایی نووسینگەی باشوورو ڕاپۆرتی دارایی گشتیشدا ئاماژەی پێدراوە .
لە هیچ شوێنێکی دونیاشدا روی نەداوە بەرپرسی دارایی هەر دەزگایەک هەموو ڕۆژێک ئەندامان لە داهاتو دەسکەوت و خەرجی ئاگادار بکاتەوە. گەر کەسێک متمانەی ئەوەی پێدرا ببێتە بەرپرسی دارایی واتە سەرپشکە لە گەران بەدوای پەیداکردنی داریی و چۆنیەتی خەرج کردنی بە شێوەیەک کە پەیرەوی ناوخۆ ڕێگەی پێدابێت . ئەمە لەپەیرەو پرۆگرامیش وانوسراوە [ پێویستە لەسەر بەرپرسی دارایی لە کۆتایی ساڵدا بە راپۆرتێک هەموو بزواتەکانی دارایی بخاتە بەردەم دیدی ئەندامان .] ئەمە ڕێک ئەوەیە ئێمە پێی هەستاوین ، راپۆرتی دارایی بە وردەکاریەکانیەوە چ هی ئەوروپا چ هی نووسینگەکەمان نێردراوە بۆ ئەندامان ،بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕاپۆرتەکەی ئێمە برادەرانی ئەورپا تێبینیان لە خشتەکردنی هەبوو خەریکی چاککردنین و بەم نزیکانە دەینیرین بۆ هەموو ئەندامانمان لە نووسینگەی باشوور .
بە شانازیەوە دەڵێین ئێمە تاکە ڕێکخراوی کوردین کە تەقلیدێکی جیاوازمان هەیە کە بە بەردەوام پەیرەوی دەکەین ئەویش بڵاو کردنەوەی راپۆرتی داراییە لە راگەیاندندا بە شێوەیەکی شەفافانە کەهیوادارین ئەو شوێنانەی ئەو بەڕیزانەش کاری تیا دەکەن هاوشیوەی ئێمە دارایان شەفاف بێت ؟ .
ئەمساڵیش بەر لە چەند هەفتەیەک ئەو راپۆرتە لە ماڵپەرەکەماندا بلاوکرایەوە .ئەوە گوناهی ئێمە نیە ئەو بەریزانە سەردانی ماڵپەرەکەی خۆیان ناکەن تا راپۆرتی دارای بە داهاتوو خەرجیەوە ببینن ،ئێستاش دەتوانن لە ئەرشیفی ماڵپەرەکەماندا ببینن تا وەڵامی پرسیارە پڕ گوماناویەکانایان وەربگرنەوە .
*سەبارەت بە سەفەری چەند برادەرێک بۆ ئەورپا ، تەنها کەسێک کە ئەندامی دەستەی کارگێربێت و پیی ڕانەگەینرابێت کاک سەربەستە، هەروەها کاک کاروان وەک بەرپرسی کاتیی کۆمیتەی سلیمانی. بەچەندین کەس وترا بەڵام بەهۆکاری جیاجیا نەیان توانی . نایشارینەوە ڕاشکاوانە دەڵێین هۆکاری دەستنیشان نەکردنی بەرێزان کاروان و سەربەست ، ترسمان هە بوو لە نەهاتنەوەیان .بەتایبەتی کەیەکێکیان هەر ئەمساڵ هەوڵی چونەدەرەوەیدا و سەرکەوتونەبوو . نەهاتنەوەی هەر ئەندامێک لەبەردەم ڕێکخراوە جیهانیەکان دەبوە شکستێک بۆ ئێمە و جارێکی تر بانگ هێشتی کۆنگرەی هاوشیوە نەکرێینەوە ،ئێمە پێمان وایە کرۆکی کێشەی ئەو بەڕیزانەش ئەم خاڵە یە
*هێندە ماوە بڵێین ئەو بەریزانەی ناویان لە کۆتایی بڵاکراوەکەدا ڕیزکراوە هەموویان ستافی رۆژنامەی چەترن و لەرێگەی برادەرایەتەوە بوونەتە ئەندام، وەئێمە تەنیا چەند ناوێک لەو ناوانە بەئەندامان زانیوە .
لەکۆتایشدا دەڵێین دەستکێشانەوەی ئەندامان کارێکی ئاساییە ومافی ئەندامانە و لە٨ ساڵەی تەمەنی ڕێکخراومان بەدەیان وسەدان ئەندام دانیشتون کەبەشی زۆریان تائێستاش وەک کۆن هاریکارو هاوڕێمانن بەڵام دورست کردنی ئەم جۆرە تۆمەتە قێزەوەنانە ( ناشەفافی مادی و دەستتێکەڵکردن لەگەڵ حزب و بەرپرسان ) لەلایەن ئەو بەڕیزانەوە ئێمە بەمافێکی سروشتی خۆمان دەزانین کە لەدادگا سکاڵای یاسایان لەسەر تۆمار بکەین . ئەوکات دەبێت لەدادگا ئەو تۆمەتە ساخ بکەنەوە .

**چاک /نوسینگەی باشوری چاودیری کوردۆساید**

2010-12-30

http://www.kurdocide.com/ku/news.php?readmore=8707